# فێرخوازانی پۆلی شەشەم و ئاییندەیەکی نادیار



فێرخوازان کاتێک دەگەنە پۆلی شەشەم هەست بە بوونی خۆیان دەکەن و دڵیان بۆ داهاتوو لێدەدات، دەزانن لە داهاتوویێکی نزیکدا ئەو خەونەی کە لە دەفتەری هزردا تۆماریان کردوە، دێتەدی، ئەویش ژیانی زانکۆو پەیمانگەکانە، چەند ساڵێک لەوێ دەگوزەرێنن و زانست و زانیاری زیاتر وەردەگرن و ئاستی رۆشنبیریان بەرز دەکەنەوە، دوای بڕوانامە وەردەگرن و چاوەڕوانی دامەزراندن دەکەن. فێرخوازان بەو ئاواتەی کە دوای دەرچوون دەتوانن لە رێگەی کار و چالاکیەکانیانەوە خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیان بکەن دڵیان بۆ دەرچوون و وەرگرتنی بڕوانامە لێدەدات. بێگومان حکومەتیش دەتوانێ ئەو دەرچوانە بخاتە مەیدانی خزمەتکردن و دایانبمەزرێنێ، بەڵام فێرخوازان هەر لە ئێستاوە لەنێو گومان و دڵەڕاوکێ دا دەژین، وێڕای ئەوەی خۆیان بە خوێندن و وانە و تاقیکردنەوەکانیان خەریک دەکەن، گوێش بۆ ئەو هەواڵانە رادەگرن کە مێدیاکان سەبارەت بە فێرخوازان و وەزارەتی پەروەردە بڵاویان دەکەنەوە. فێرخوازانی پۆلی شەشەم دەیانەوێ بزانن وەزارەتی پەروەردە چ بەرنامەو پلانێکی بۆ جێکردنەوەی ئەوان لە زانکۆو پەیمانگەکاندا هەیە؟؟! چوونکە ساڵی رابردوو لەخوار نمرەی شەست لە چوونە زانکۆو پەیمانگەکان بێبەش کران، وێڕای ئەوەی کە ساڵی رابردوو دەیان خۆپێشاندان و رێپێوان دژ بەو بڕیارە بەڕێووەچوون، بەڵام برینی بێبەشکراوان لە زانکۆو پەیمانگەکان سارێژ نەکران، بۆیە فێرخوازانی ئەمساڵ پۆلی شەشەم هیوادەخوازن کە چارەنووسی فێرخوازانی ساڵی پێشوویان بەنیسیب نەبێ و لە ژیانی زانکۆو پەیمانگە بێبەش نەکرێن.

کارشەن کە فێرخوازی پۆلی شەشەمی وێژەییە، لەژێر دارێکی پارکی هەولێر خەریکی سەعی کردن بوو، من سڵاوم لێکردم و پرسیارم لێکرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە: ' من ئێستا خەریکی ئەزبەرکردنی وانەکانم بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتووبم و نمرەیەکی باش مسۆگەر بکەم، بەو هیوایەم کە بەو ئاواتە بگەم کە دەمێکە خۆم و خانەوادەکەم چاوەڕوانی دەکەن، ئێمە لە خانەوادەیەکی هەژارین، تەنیا باوکم کار دەکات و ئەو سەرچاوەی داهات و بژێوی ژیانمانە، زۆر جاران بە باوکم گوتوە کە من واز لە خوێندن بهێنم و بچم کار بکەم و هاوکاری باوکم بکەم، زۆر جاران گوتومە{ باوکە گیان چۆنە من واز لەخوێندن بێنم و دەست بە کارکردن بکەم، چونکە دەترسم خوێندنیش تەواو بکەم دامنەزرێنن، یان بە موچەیەکی کەم دابمەزرێنم؟!} بێگومان هەمووومان دەزانین کە موچەی فەرمانبەران زۆر کەمەو ناتوانێ بژێوی 2 هەفتە دابین بکات، بەڵام باوکم تا ئێستا رەزامەندی پێشان نەداوەو هانم دەدات تا بخوێنم و نمرەیەکی باش وەدەست بێنم. بۆیە منیش بەڵێنم داوە ئەوەی بۆم بکرێ درێغی نەکەم، چونکە بەوهۆیەوە دڵی خۆم و خانەوادەکەشم خۆش دەبێ'

هەر کەسێک ئەگەر لە نزیکەوە گوێی بۆ هەستی ئەو لاوە تەمەن نۆزدە ساڵە رابگرتنا، دەیزانی کە ئەگەر لە شەرمان نەبوایە تێر تێر دەگریا، ئەو هەندێک جار وشەکانی بە لەرەلەرو گریانایەوەد دەردەبڕی، کەچی هیوای بە سەرکەوتن لاواز نەدەبوو، ئەو بەختەوەری خۆی و بنەماڵەکەی بە سەرکەوتن و گەیشتنە زانکۆو دامەزراندن دەبەستەوە. ئەو فێرخوازە لە میانی رستەکانیدا گوتی: 'خۆزگە منیش لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند دەبووم، یان باری ئابوریمان باش دەبوو، ئەوسا دەمزانی چیم دەکرد؟!!'

ئەسعەد محەمەد یەکێک لەو کەسانەیە کە ساڵی پار بەهۆی کەمی نمرەوە لە خوێندن بێبەش بووەو رێگەی پێنەدراوە بگاتە قۆناغی زانکۆو پەیمانگە، وەک خۆی دەیگوت لە چێژی زانست و زانیاری بێبەشیان کردووە، پێیوایە کە ئیدی ژیان واتایێکی نەماوەتەوە، ئەو زۆر بە ساردی باسی لە فێرخوازانی پۆلی شەشەم و ئاواتەکانیان دەکرد، ئەو دەیگوت: 'ئەگەر دەمزانی کە داهاتووم بەم شوێنە دەگات و لە زانکۆ بێبەش دەکرێم، هەرگیز لە دەرگەی فێرگەم نەدەدا، بۆ خۆم کارێکی دیکەم دەکرد و ژیانیشم باشتر دەبوو!'

ئێستا دەنگۆی ئەوە لەنێو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە کە ئەو فێرخوازانەی کە ساڵی پار پۆلی شەشەمیان تەواوکردووە، ئەمساڵ لە زانکۆو پەیمانگەکان وەردەگیرێن. ئەسعەد محەمەد دەڵێ: 'داهاتووی فێرخوازان نادیارە، بەڵام دیسانیشەوە پشتیوانی لە فێرخوازانی پۆلی شەشەم دەکەم و هانیان دەدەم کە خۆیان ماندوو بکەم و نمرەیەکی باش مسۆگەر بکەن، هەرچەندە کاتێکی کەمیان لەبەردەست ماوە، بەڵام دیسانەوە کاتی هاتنە دی خەونەکانیان لەبەردەم ماوە، بۆیە دەبێ بەجدی هەوڵ بدەن و بەباشی خۆیان بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە بکەن'

فێرخوازانی پۆلی شەشەم لە بوونی کۆلێژ و زانکۆ ئەهلیەکان نیگەرانن، بەڵام هیواخوازن کە حکومەت مەرجیان بۆ دابنێ و وا بکات کە بە نرخێکی گونجاو فێرخوازان وەربگرن، چونکە ئەگەر پشتیوانی حکومەت نەبێ، ئەو زانکۆ ئەهلیانە خۆیان راناگرن و ناچار دەبن کە نرخەکانیان دابەزێنن.

سنوور عەلی فێرخوازی پۆلی شەشەمی زانستی کە ئاواتەخوازە لەداهاتوودا ببێ بە پزیشکی ددان سەبارەت بە داهاتووی خۆی و ئاییندەی فێرخوازانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بە تایبەتی و سەرجەم فێرخوازان بە گشتی دەڵێ: 'من هەموو خولیاو ئارەزووم لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە نمرەیەکی باش بهێنم و لە کۆلێژی پزیشکی ددان وەربگیرێم، من هەر لە منداڵیەوە کە بینیومە دایک و باوک و خزمەکانم بەدەست نەخۆشیەکانی ددان بەتایبەتیش بەدەست ئازاری بێ ددانی دەناڵێنن، بڕیارم داوە کە دەبێ بچمە کۆلێژی پزیشکی و ئەگەر تەواوم کرد بۆ خۆم چارەسەری ئەوانە بکەم کە گرفتی ددانیان هەیە، هەر ئەوەش وای لێکردوم کە پارێزگاری باش لە ددانەکانم بکەم، شتی ساردو گەرم ناخۆم، شتی رەق بە ددانەکانم ناشکێنم، ئێواران و بەیانیان بە فلچە ددانم دەشۆم، جا ئەگەر ئەمساڵ نمرەی پێویست وەرنەگرم و لە کۆلیژی پزیشکی وەرنەگیرێم لەوانەیە شێت ببم، ئەوەتا ماڵەوەمان دەزانن بەردەوام سەعی دەکەم و خۆم ماندوو دەکەم، سوپاس بۆ خوا توانایێکی باشم هەیە و یەکێکم لە فێرخوازە زیرەکەکانی پۆلەکەم'

سنوور پێیوابوو کە هەموو فێرخوازێک داهاتوویێکی بۆ خۆی دەستنیشان کردووە، هەوڵیش دەدات مسۆگەری بکات، بەڵام ئەگەر نمرەو مەرجەکانی وەرگرتن ببنە رێگر دووچاری شکست دەبێ، لەوانەیە بۆچوونی بەرانبەر بە ژیان بگۆردرێ، لە ئاکامدا نابێتە کەسێکی سوودبەخش بۆ وڵاتەکەی.

راستیەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا زۆر جاران بەڵێنی داوە کە رێگەچارەیەک بۆ دەرچووانی پۆلی شەشەمی ئامادەییەکان بدۆزێتەوەو کارێک بکات تا لە زانکۆو پەیمانگەکاندا وەربگیرێن، بەڵام فێرخوازان دڵیان بەو بەڵێنانە خۆش نیەو باوەڕیش بە قسەکانیان ناکەن، بەوهۆیەشەوە ترس و نیگەرانی لە لای فێرخوازان گەورەتر خۆی دەنوێنێ، جا بۆ ئەوەی لایەنە پەیوەندارەکان بەتایبەتیش وەزارەتی خوێندنی باڵا ورە ئومێد بۆ فێرخوازان بگێڕێتەوە، دەبێ بەکردەوە هەنگاو هەڵبگرێتەوەو جێگەی هەمووان لە زانکۆو پەیمانگەکاندا بکاتەوە، چۆ جاران ناوەندێتی لە وەرگیران هەبوو، دەبێ ئێستاش هەمان سیستەم پەیڕەو بکرێ، باشتر وایە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا پشت بە کۆلیژە ئەهلیەکان نەبەستێ، چونکە ئەوانە بەرلەوەی کۆلیژ بن، بەمەبەستی بازرگانی دروست کراون، ئەوەندەی بایەخ بە پارە کۆکردنەوە دەدەن، نیو هێندە بایەخ بە ئاستی رۆشنبیری و زانستی نادەن، هەمووشمان دەبینین کە رێگەی جۆراوجۆریان بۆ کۆکردنەوەی سامان گرتۆتە بەر هەر لە خوێندنی ئینتەرنێتی تا دەگاتە هاوکاری کردن لە وانە خوێندن و پێدانی بڕواناکەی جۆراو جۆر.

ئەو هۆکارانەی کە ئاییندەی فێرخوازانی پۆلی شەشەمی بە نادیاری سپاردوە ئەو مەرج و شەرتانەیە کە وەزارەتی خوێندنی بالا بە تایتبەتیش رێژەی نمرەکانە کە دایناوە.

ئەگەر پێمانوایە کە فێرخواز پێشەنگایەتی گۆڕان کاریەکانی داهاتوو دەکەن و فەرمانڕەوایەتی بەدەستەوە دەگرن، دەبێ دەستەڵاتی سیاسی وردبینانە تر رەفتار لەگەڵ وەرگرتنی فێرخوازان بکات لە زانکۆو پەیمانگەکاندا، دەنا نەک هەر ئاییندەی فێرخوازان دیار نابێ. بەڵکو داهاتووی کۆمەڵگەی کوردەواری و نیشتمانیش هەر نادیار دەبێ.

**ئامادەکردنی: رێکان مەدریدی**

# کەی برینی کارەساتە سامناکەکان سارێژ دەکرێن؟!







مێژووی مرۆڤایەتی کارەساتی سامناک و جەرگبڕی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، دەکرێ شاڵاوی ئەرمەن قڕان کە عوسمانلیەکان لە ساڵی 1915 تا 1917 ئەنجامیاندا، لەگەڵ شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردان و ژەهربارانکردن لە باشووری کوردستان کە عەرەب لە ساڵی 1988 ئەنجامی دا بە سامناکترین کارەساتی مرۆیی سەدەی تۆمار کرابن.

ئەگەر کەسانێک هەبووبن کە کارەساتی ئەرمەن قڕانیان بە چاوی خۆیانەوە دیبێ و تۆماریان کردبێ، ئەوەش وەک بەڵگەیەکی زیندوو رەفتاری لەتەکدا کرابێ، بەوهۆیەشەوە دەوڵەتی تورکیا تا ئێستاش لە ژێر گوشاری نێودەوڵەتی دایەو داوای لێدەکرێ کە بەرپرسیارێتی ئەو تاوانە لە ئەستۆ بگرێ و داوای بووردن لەگەلی ئەرمەن بکات و قەرەبوویان بکاتەوە، بەڵام شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردان نەک لە سەر ئاستی دەرەکی بەفەرامۆشی سپێردراوە، بەڵکو ئێمەی کوردستانیش وەکو پێویست کارمان لەسەر نەکردوەو هەوڵمان نەداوە کە گوشارەکانمان چڕ بکەینەوە تا حکومەتی عێراقی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرێ و داوای بووردن لە نەتەوەی کورد بکات و قەرەبووی بنەماڵەی زیان لێکەوتووان بکاتەوە کە تا ئێستاش لە هەژاری و کولەمەرگیدا دەژین.

محەمەد عەلی جەمالزادە، نووسەری ناسراوی ئێرانی کە بەهاری1915 لەرێگەی بەغدادەوە بەرەو ئەستەنبوڵ رۆیشتوە، نووسیویەتی: ' جەندرمە چەکدارەکان و سوارەکانی تورک بە زەبری قۆنداخەی چەکەکانیان، سەدان ژن و پیاو و منداڵی ئەرمەنییان وەپێش خۆیان دابوو، دەیانڕەتاندن، ئەگەر کەسێک لەوان لەبەر ماندوویی و برسێتی بەپاش بکەوتایە تا هەمیشە لە ژیان وەدوا دەکەوت چونکە گریان و هاوار دادی نەدەداو چەکدارە تورکەکان دەیانکوشت. بەو جۆرە ناوە ناوە تەرمی ژن و پیاوی ئەرمەنیم دەبینی کە لەرۆخی جادەکەدا کەوتبوون، مردبوون یان گیانیان دەدا.

محەمەد عەلی جەمالزادە زۆر بە وردی باسی ئەو کارەساتە سامناکەی کردووە کە دژ بە ئەرمەنیەکان ئەنجام دراوە، وەک شەڕی لەنێو بردن ئاماژەی پێکردوە. نەک پاشماوەی ئەو ئەرمەنیانەی کە لەشەڕی ئەرمەن قڕاندا زیندوو ماونەتەوە، بەڵکو تەواوی ئەرمەنیانی جیهان ئاگایان لەو کارەساتە هەیەو بە جینۆساید دەیناسن و ساڵانە یادی ئەو قوربانیانە دەکەنەوە. نەک تەنیا ئەرمەنیەکانی ئەرمەنستان بەڵکو ئەرمەنیەکانی تورکیا، ئێران، سوریا، عێراق و تەواوی وڵاتانی دیکەی جیهان یەک روانیان بەرانبەر بەو ئەرمەن کوژیە هەیەو یەک دەنگیش داوا دەکەن تا وڵاتانی جیهان دەنگ هەڵبڕن و لەبەرانبەر شاڵاوی پاکتاوی نەژادی دژ بە ئەرمەنیەکان، دەوڵەتی تورک ریسوا بکەن و ناچاری بکەن کە بەرپرسیارێتی جینۆسایدی ئەرمەنیەکان لە ئەستۆ بگرێ.

هەندێک نووسەرو رۆشنبیری تورک رەخنە لە دەوڵەتی تورک دەگرن کە بۆچی بەرپرسیارێتی ئەو جەنگە لەئەستۆ ناگرێ، چونکە عوسمانلیەکان بە بیانۆی ئەوەی کە نەتەوەی ئەرمەن کە لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی دابوە لە کاتی جەنگی روسیاو عوسمانلی، هاوکاری روسیان کردوە، هەر بەو بیانۆیەشەوە رژێمی بەعس ساڵی 1988 شاڵاوی ئەنفالکردن و پاکتاوی نەژادی دژ بە کوردی باشوری کوردستان بەڕێوە برد، ەبڵام مخابن تا ئەمرۆش کورد یەک دەنگ نیە، هەندێک کوردی خۆفرۆش کە لەو ئەنفالکردنەدا هاودەستیان لەگەڵ سوپای بەعسدا کردوە، ئێستا وەک بەرزەکی بانان دەسوڕێنەوە، نکۆڵیش لە جینۆسایدی کورد دەکەن، تەنانەت هەندێک لەو خۆفرۆشانە پاکانە بۆ رژێمی بەعس دەکەن، هەندێک کوردی دیکەش پێیانوایە کە زێدەڕۆی لە ژمارەی ئەنفالکراوەکان دا کراوە.

بۆ سارێژکردنی ئەو ئەو برینەی کە ئەو کارەساتانە جیهان هێشتووە دەبێ نەوەی تاوانکاران بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرن و داوای بوردن لە زۆرلێکراوان و بنەماڵەی قوربانیەکان بکەن، ئێستا باشترین دەرفەتە تا کورد یەک دەنگ و یەک هەڵوێست داوا لە حکومەتی بەغداد بکات تا بەرپرسیارێتی شەڕی پاکتاوی نەژادی کە رژێمی بەعس دژ بە کورد ئەنجامی داوە لە ئەستۆ بگرێ. چونکە دادگەی باڵای تاوانی عێراقی سەڵماندویەتی کە ئەوەی رژێمی بەعس دژ بە کورد ئەنجامی داوە شەڕی پاکتاوی نەژادی و جینۆساید بووە، دەی باشە بۆچی هێزە سیاسیەکان و سەرکردایەتی کوردستان پیداگری لەسەر ئەو کەیسەردا ناکەن؟!

ئێستا کوردو ئەرمەن لە هەندەران بەیەکەوە یادی قوربانیانی شەڕی پاکتاوی نەژادی دەکەنەوە، هەردولا هەوڵ دەدەن وەک جینۆساید بناسرێ و نەوەی تاوانبارانیش دان بە تاوانەکان دابنێن و داوای بووردن لە کوردو ئەرمەن بکەن.

**زامدار نامق**